

# سێ رۆمانی جان دۆست دەکرێنە کوردی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

سێ رۆمانی دیکەی جان دۆست، نووسەری کوردی رۆژئاوای کوردستان کە بە عەرەبی نووسراون، لەلایەن سێ وەرگێڕەوە دەکرێنە کوردی.

یەکێک لە رۆمانەکان بەناوی (عەفرین ڕێڕەوی ئارام)ـە کە وریا غەفووری کردوویەتی بە کوردی، رۆمانی دووەم بەناوی (دەستنووسی پیترسبۆرگ – ژیانی ژابازیدی)ـە و لەلایەن سەباح ئیسماعیلەوە کراوە بە کوردی. رۆمانی سێیەمیش بەناوی (پاسە سەوزەکەی حەلەب) تارق کارێزی کردوویەتی بە کوردی.

سۆران عەزیز، خاوەنی ماڵی وەفایی بە پاشکۆی (ئەدەب کولتووری رووداو)ی راگەیاند، ماڵی وەفایی سێ رۆمانەکە چاپ دەکات و لە مانگی داهاتوودا بڵاودەکرێنەوە و دەکەونە بەردەستی خوێنەران.

پێشتر چەند کتێب و رۆمانێکی دیکەی جان دۆست بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراون، لەوانە سەباح ئیسماعیل، وەرگێڕی کورد پێنج رۆمانی ئەو نووسەرەی لە عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاون.

جان دۆست، نووسەر، شاعیر و وەرگێڕی کورد، لە 1965 لە کۆبانێ لە رۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە. لە زانکۆی حەلەب بەشی بایۆلۆژی خوێندووە، لە ساڵی 2000 ـەوە لە ئەڵمانیا دەژی و بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەنووسێ.

ئەو نووسەرە کوردە بە نووسینی شیعر دەستیپێکردووە و یەکەمین دیوانی شیعریی بەناوی (قەڵای دمدم) لە ساڵی 1991 لە ئەڵمانیا چاپ کردووە. پاشان لە هەمان ساڵدا لە ئیستەنبوڵ بڵاویکردەوە، هەروەها (دیوانی جان)ـی لە دوبەی و ئیستەنبوڵ چاپکردووە. چەندین کتێبی لە کوردییەوە بۆ عەرەبی وەرگێڕاون، وەک مەم و زینی ئەحمەدی خانی کە بە چوار چاپ لە دیمەشق و بەیرووت بڵاوکرایەوە.

---

# سێ چیرۆکی گۆگۆڵ بە کوردی بڵاوکرانەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

چاپخانەی نوبەهار لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان کتێبی (سێ چیرۆک)ی بە زمانی کوردی بڵاوکردەوە.


کتێبەکە لەلایەن نووسەری ناوداری رووس نیکۆلای گۆگۆڵ نووسراوە و لەلایەن وەرگێڕی کورد ئەمین هێڤیدار لە رووسییەوە وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی کوردی (شێوەزاری کرمانجی).

کتێبی (سێ چیرۆک) کە لە 168 لاپەڕە پێکدێ، سێ چیرۆکی بەناوبانگی نیکۆلای گۆگۆڵ لەخۆدەگرێ بەناوەکانی: پاڵتۆ، کۆڵانی نەوە و پۆز).

چاپخانەی نوبەهار لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسیویەتی: "ئەم کتێبە سێ بەرهەمی گۆگۆڵ لە خۆدەگرێ، بە تایبەتی چیرۆکی پاڵتۆ کە هەم لە رووسیا و هەم لە جیهاندا زۆر بەناوبانگە. دۆستۆیفسکی لەبارەی ئەو چیرۆکە دەڵێت: هەموومان لە پاڵتۆکەی گۆگۆڵەوە هاتووینەتە دەرێ".


نیکۆلای گۆگۆڵ (1802 – 1852) نووسەری رووسی بە ئەسڵ ئۆکراینی بە باوکی ئەدەبی رووسی دادەنرێ. زۆر کورتە چیرۆک و رۆمان و شانۆی بەناوبانگی نووسیون، لەوانەش پاڵتۆ، رۆمانی گیانەکانی میر، هەروەها شانۆگەریی پشکنەری گشتی، هاوسەرگیری و زۆر بەرهەمی دیکە.

هەریەک لە پاڵتۆ و پشکنەری گشتی پێشتر کراونەتە کوردی (سۆرانی) و وەکو درامای تەلەڤزیۆنی بەرهەم هێنراونەتەوە.




---

# کتێبێکی نوێ لەسەر کۆماری کوردستان بڵاودەکرێتەوە




■ ئا: بەسام مستەفا

نووسەری کورد کاکشار ئۆرەمار کتێبێکی نوێی لەسەر ئەزموونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەناوی (یادگارییەکانی کۆماری کوردستان لە ساڵی 1946) بڵاوکردەوە.

پەرتووکە نوێیەکەی کاکشار ئۆرەمار لە 658 لاپەڕە پێکدێ و لەلایەن وەشانخانەی سیتاڤ لە باکووری کوردستان چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

کاکشار ئۆرەمار کە چەندین لێکۆڵینەوە و نووسین و هەڤپەیڤینی لەبارەی "کۆماری کوردستان لە ساڵی 1946" کردووە، لە دوو توێی کتێبێکدا بڵاوی کردوونەتەوە. هەر لە کتێبەکەدا چەندین وێنەی دەگمەنی کۆماری کوردستانی بڵاوکردووەتەوە. کاکشار بۆ کتێبەکەی قسەی لەگەڵ چەند شایەتحاڵێکیش کردووە.


کتێبی "یادگارییەکانی کۆماری کوردستان لە ساڵی 1946" لە دوو بەش پێکدێ و رەنگاوڕەنگە. لە بەشی یەکەم کە 160 لاپەڕەیە، هەڵسەنگاندن بۆ کۆمار کراوە. بەشی دووەمیش لە کۆمەڵێک هەڤپەیڤین و وێنە پێکدێ.

کاکشار ئۆرەمار، لە دایکبووی رۆژهەڵاتی کوردستانە و ئێستا لە ئەڵمانیا دەژی. ئۆرەمار زۆر بەرهەمی لەبارەی کەسایەتی و ناودارانی کورد هەیە. لەوانەش ئارام تیگران لە ساڵی 2012. ئایشەشان، شاژنی بێ تەخت و تاج لە ساڵی 2012، هەڤپەیڤین لەگەڵ دایکی کورد مینا قازی، ساڵی 2013، مێژووی کۆماری کوردستان لە وێنەدا لە ساڵی 2013.

---

# رۆمانە نوێیەکەی دەمیرتاش دەکرێتە کوردی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور




سەلاحەدین دەمیرتاش سێیەم کتێب و یەکەم رۆمانی خۆی کە لە زیندان نووسیویەتی بڵاودەکاتەوە. وەرگێڕێکی کوردیش رۆمانە نوێیەکەی دەکاتە کوردی.

فەرهاد چۆمانی، نووسەر و وەرگێڕ بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند: "من وەک وەرگێڕی کتێبەکانی سەڵاحەدین دەمیرتاش دەستم بە وەرگێڕانی سێیەم کتێبی دەمیرتاش کردووە".

چۆمانی گوتیشی: "لە دوو کتێبی پێشووی کە لە ماوەی زیندانیبوونی نووسیونی، دەمیرتاش ئەزموونی چیرۆکنووسێکی خودان پێنووسی بە برشت و کاریگەری نیشانداین. ئێستاش بە نووسینی رۆمانێکی درێژ دووبارە سەرسامان دەکاتەوە".

لەبارەی رۆمانەکەوە، چۆمانی گوتی: "22ی ئەم مانگە لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی دیپنۆت دەگاتە کتێبفرۆشییەکان. قەبارەی کتێبەکە 300 لاپەڕەیە. ناوەڕۆکی ئەم رۆمانەش هاوشێوەی چیرۆکەکانی نووساوە بە نەهامەتی خەڵک و نادادیی سیستمی دادوەری و چەوسانەوەی کەمینەکان لە تورکیا. من دەستم بە وەرگێڕانی کردووە و هیوا دەخوازم بە زوویی بگاتە بەر دیددەی خوێنەران."

چۆمانی پێشتر هەریەکە لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی "سەحەر" و "دەوران"ی کردوونە کوردی و پێشوازییەکی بەرچاویان لێکراوە. لە هەردوو پێشەنگای شاری سنە و هەولێر بۆ کتێب پڕ فرۆشترین کتێب بوون.

# دێوانە پەپوولە!

ئەوەنـدەی تێگەیشـتبووم خەڵکـی هیـچ کـوێ نەبـوو، تەنیـا کەسـێک کـە دیبێتـم ئەوەنـدە ئـاوارە و بـەرەڵا و مـاڵ بەکـۆڵ ژیابـێ هـەر ئـەو بـوو. تەنیـا خـۆی و ریکۆردەرێکـی کۆنـی ژاپۆنـی و سـێ چـوار کاسـێت کـە هـۆرە یـان سـۆزی دەروێشـانە بـوون و لەناویانـدا مەزهـەر خالقیەکیـش بـە ڕەنگێکـی سـوور لـە نەوارێکـی ماکسـێڵدا کـە لـە سـەری نووسـرابوو "مقهـر"، دەدرەوشـایەوە!

ئـەم شـارەی ئێمـە هەمـوو دوو شـەقامی سـەرەکی هەیـە، یەکیـان بـەرەو ژوور دەچـێ و بـە ژێرپردەکـە نـاوی دەرکـردووە و ئەویـان بـەرەو خـوار دەچـێ بـە قرگـە دەناسـرێ. لـەم دوو شـەقامە سـەرەکییە و پشـت و بـەر و ئەملاولای، کۆمەڵێک خەڵـک و تاقمـی جیاجیـا دەژیـن، ئـەوەی تۆزێـک لەگـەڵ شـار تێکـەڵ بایـە سـەلیم و ریکۆردەرەکـەی دەناسـی و چـوون خـۆی دەیگـوت، لەسـەر دەسـتی شـێخێکی ئـەو نـاوە (کـە مـن قـەت ناوەکەیـم بـۆ لەبـەر نەکـرا!) تۆبـەی کـردووە و نەوارەکانیشـی زۆرتـر سـۆز و نـەوای دەروێشـانە بـوون (کـە زۆر کات بێدەنگیـی هـەردوو شـەقامی دەشـکاند). خەڵـک پێیـان دەگـوت: دەروێ سـەلیم یـان دەروێـش سـەلیم! هـەر ئەمـەی کـە لـە شـارێکی دوو شـەقامیدا وەهـا دەنگـت بـێ و لەسـەر زاران بیـت نیشـانێکی بـاش نەبـوو، ئـەم شـارە جیـا لـەو هەمـوو ڕدێنسـپی و پۆپچەرمـگ و نەخوێنـدەوار و بەگـە کۆنـە و منداڵزادەکانیـان، خوێنـدەوار و سـەلەفی و بـەرەڵای زۆر بـوو.

ئەمـە ڕوخسـاری گشـتیی شـار بـوو: بەرەڵـلا/ سـەلەفی/ خوێنـدەوار!

ئەمانـە هەموویـان بـە یـەک شـێوە نـاوی سـەلیم دەبـەن و لێـی تیگەیشـتوون!

ڕۆژێکـی 19ی مانگـی یەکەمـی پاییزێکـی ئـەم شـارە کـە وەک کلاسـیکەکان دەڵێـن سرووشـت خەریکـە بەرگـی دادەکەنێـت و پۆشـاکی تـر دەپۆشـێت، سـەلیم بـە خـۆی و ریکۆردەرەکـەی و شـریتەکانی لـە گۆشـەیەکی شـار کـە ماڵـەکان هێشـتا داری حەوشـەیان هەیـە و گوێـز و چنـار و تـوو و لـە هەندێـک شـوێندا گێـلاس خەریکـن گەڵاکانیـان دەوەرێـن، لـە هـەوای خۆیـدا خەریکـە تێدەپەڕێـت. ئـەو کـە بـەو کۆڵانـە گەڵاڕێژکـراو و هەورلێکەوتـووەدا تێدەپەڕێـت، دوو ژنـی گەنـج لـە پێشـەوەی دەبینـێ کـە بـە هێواشـی دەڕۆن، زۆربـەی کات چـاوی لـە ئاسـمان و گوێـی لـە سـۆزەکان و خەیاڵـی لـە شـوێنێک بـوو کـە ئێمـە نەماندەزانـی کوێیـە، بەهەرحـاڵ لـەو سـاتەی دەمەوئێـوارەدا کـە گـەڵا و هـەوری خۆڵەمێشـیی ئاسـمان و سـۆزی دەنگێکـی عیرفانـی و ئـازاد خسـتبوویانە فڕیـن، لـە یـەک کاتـدا خـۆی نێزیـک ئـەو دوو ژنـە گەنجـە چارشـێوییە دەبینێتـەوە. ژنانـی ئـەم شـارە پەنجـا چارشـێویشـیان لـە خۆیـان بدایـە هـەر کوڵـۆک و لاقوونیـان زل و زەق بـوو، هەڵبـەت لـە ڕوانگـەی خەڵکـی کـۆن و موسـوڵمان و ئیمانـداری شـارەوە! ئـەو لـە سـاتێکی زێڕیـن و چاوەڕواننەکـراودا دەسـت بـۆ پاشـەوەی یەکێـک لـە ژنـەکان دەبـات و بـە ئەنـدازەی تۆپەڵەیەکـی خـڕ دەیگرێـت بـە هێواشـی! بەحوکمـی ئـەوەش ژنـی ئـەم شـارە بـەردەوام ئاگایـان لـە پێـش و پاشـی ڕێگایەکـە کـە پیـاوان بۆیـان دیـاری کـردوون، پێـش ئـەوەی دەسـتی سـەلیم بەتـەواوی بـەری بکەوێـت، ژنـە هەسـتی پێـدەکات و تـا هێـزی تێدایـە پـڕ بـە گـەرووی دەقیژێنـێ و بـە جووڵەیەکـی تونـد کـە ناتوانیـن بڵێیـن هەڵاتنـە، هەنگاوەکانـی خـۆی توندتـر دەکاتـەوە و نەفـرەت لـەو گەڵایانـەی بەرپێـی دەکات کـە ناهێڵـن خێراتـر بـڕوات، سـەلیمیش لەنـاو ئـەو هەمـوو گەڵایـەی پاییـزدا وەکـوو هەیکەلێـک لـە سـەهۆڵ یـان پیاوێـک لـە بەفـر چـاوی لێـدەکات تـا لـە چـاوان ئـاوا دەبێـت!

توایەوە؟ چۆن نەتوایەوە؟!

ئـەوەش بڵێـم کـە سرووشـتی ژنـی ئـەم شـارە وابـوو قـەت نەیاندەتوانـی هەڵبێـن، ئەوپەڕەکـەی تۆزێـک ڕێوەچوونیـان خێراتـر و توندتـر دەکـردەوە و توندتریـش و دیسـان توندتـر، بـەڵام هەڵاتـن هـەر ئەسـتەم بـوو...

**مەپرسن بۆ!**

ژنـەی ڕاکـردوو هاوشـانی سـەلیم نـاوی چـووە هەمـوو شـوێن و کەلەبەرێکـی شـارەوە، بـەڵام جیاوازییـان لـەوەدا بـوو نەسـرین بەهـۆی لەنجـە و کوڵۆکـی خـڕی کـە خەڵکـی شـەقامی سـەر پردەکـە بـوو، دەناسـرا، لـە کاتێکـدا سـەلیم بەهـۆی ئـەو و ئـەوەی کـە خەڵکـی ئـەم شـارە نییـە و مـاڵ بەکـۆڵ و ئاوارەیـە. سـەختە بڵێـی کامیـان هـۆکاری سـەرەکی ناوبانگـی ئەویتریانـن، بـەڵام مـن تێڕامـان لـە وەرزی پاییـز بـە بەرچاوڕوونییەکـی بـاش دەزانـم بـۆ تێگەیشـتن لـەم بابەتـە و کـۆی ڕووداوەکـەش!

سـەرەتا بڵێـم کـە ڕووداوەکـەی ئـەو ئێوارەیـە لـە کاتژمێرێکـدا وەکـوو جۆگەلەیەکـی هێـواش و بچـووک بـە هەمـوو شـاردا بڵاوبـووەوە و لـە ڕۆحـی لافاوێکـی پێشـبینینەکراوی پاییـزدا کەوتـە هـاژە! بـەڵام لـەم ڕووداوەی نـاو چیرۆکەکـەی ئێمـەدا لافـاو ڕەنیشـاندەر نییـە، بەڵکـوو تەنیـا یەکێـک لـە نیشـانەکانی پاییـزە.

کێشـەی وەرزی پاییـز ئەوەیـە پەپوولـەی هەیـە، کاری پەپوولـە پاییـزە لـە بنەمـادا هەواڵبردنـە، ئـەو دەزانێـت بـۆ لـەم وەرزە دەردەکەوێـت، بـای پاییـز دەناسـێت، ڕۆحانەتـی دار و سرووشـتی پاییـزی لەبـەرە. ئـەو پەپوولانـەی ڕێگایـان دەکەوتـە ئـەم شـارە شـتێک لـە پەلـە و شـەهوەتێک لـە خۆشـاردنەوەیان تێدابـوو، بەپێـی پێوەنـدی توندوتۆڵـی "بـا" و پەپوولـە، مـن ئێسـتەش بـۆم ڕوون نەبـووەوە ئـەم پەلـە و خۆشـاردنەوەیە فێڵـی بایـە یـان لاساریی پەپوولـە یـان ڕۆحـی مەکربـاز و عیشـوەکاری پاییـز...!

**ئەو، ئەم بوو یان ئەو؟!**

ئـەوەی مـن بـەرەو تێڕامـان لـە پاییـز دەبـات یەکەمیـن و دواهەمیـن بەرگـری سـەلیم دوای ڕووداوەکـە بـوو: بەسـەری شـێخ پەپوولـە بـوو!

خەڵـک هەندێجـار بـە دێوانـە بانگیـان دەکـرد و دێوانـە لـەم شـارەدا واتـە شـێت! بۆیـە وەکـوو شـێتێک دوای کەوتـن و بـە چەپڵـە و فیکـەی خەڵـک و خـوای شـار لـە گۆڕەپانـی سـەرەکی شـار دایانـە بـەر شـەق و زللـە و منداڵانیـان لـێ ڕادا، ئـەوەی کـە مـن بـاوەڕم بـە ڕسـتە ناودارەکـەی سـەلیم لـەو ڕۆژەی مەیدانـی شـار کـرد، دەگەڕێتـەوە بـۆ حیکایەتێـک کـە بـە پێداگـری و داخوازیـی مـن، کاکـەم لەبـارەی سـەلیم و لێدانەکـەی گۆڕەپانـی شـار گێڕابوویـەوە: "مـن کەسـێکی خوێنـدەواری ئێسـتا و بەرەڵلایەکـی پێشـتر سـەلەفیم، بۆیـە ئەمانـە وا بەڕوونـی دەڵێـم چونکـە هەمـوو ئەمانـە بـۆ تێگەیشـتنی تـۆ لـە ڕووداوەکـە بـە پێویسـت دەزانـم. واتـە کەسـێک بـەم ڕێچکەیـەدا نەهاتبـێ، نازانـێ ڕۆحـی ڕووداوەکـە و هـۆکار و ئەنجامەکانـی چیـن! لـە شـەوێک لـە شـەوانی ساردی زسـتان کـە ناوەڕاسـتی مانگـی ڕەمـەزان بـوو، چونکـە درەنـگ لـە قوتابخانـە گەڕابوومـەوە و بـۆ بەربانـگ چێشـتی کەمیـان بـۆ هێشـتبوومەوە، لەگـەڵ بابـم و دایکـم دەبێـت بەشـەڕم، لەڕاسـتیدا ئێمـە خەڵکـی ئـەم شـارە نیـن، بـە وتـەی باوەگـەورەم ئێمـە لـە کوردەکانـی باکووریـن و کاتـی خـۆی بەهـۆی سـوڵتانێکی عوسـمانییەوە بڵاوپشـی ئـەم بەشـەی کوردسـتان کراویـن و وەکـوو دایەگـەورەم لـە سـەرەمەرگدا دەیگـوت، ئـەو جوگرافیایـەی ئێمـە لـە سنووری چـوار وڵات تەنیـا دوو وەرزی هەبـوو: بەهـار و هاویـن! ئـەم ئەفسـانەیە بـۆ ئێمـەی هەڵکەنـراو لـەوێ و لێـرە لەدایکبـوو تـا ئێسـتاش قـووت نەچـووە! بـەڵام لەمـە گرینگتـر، بـە وتـەی باوەگـەورەم، سـوڵتان ئـاوی نووشـتە و دوعایەکـی لـە هەوایەکـی دوو وەرزیـی تایبەتـدا دەرخـوارد داویـن کـە ئـەوان پێـی دەڵێـن نووشـتەی کـرم... یانـی کرمێـک لەمێشـکماندایە کاتـێ جـوولا ئیتـر هیـچ خودایـەک ناناسـینەوە...دایکم دەیگـوت: ئیتـر ئـەم کرمـە کرمێکـی ئاوریشـمینی بەرەوپەپوولەچـوو بـوو یـان کرمێکـی خاکـی، خـودا و سـوڵتانی عوسـمانی بـۆ خۆیـان دەزانـن! ئـەو شـەوە لەگـەڵ باوکـم پێکـەوە کرمەکەمـان جووڵابـوو، کام کرمەیـان؟ بـە دڵنیاییـەوە ئاوریشـمینەکە نەبـوو!

عادل قادری



شـەقێکم لـە مەنجەڵـی چێشـتەکە هەڵـدا و ڕێچکـەی چێشـت کەوتـە سـەر بنمیچـی ژوورەکـە، سـەر فـەرش و قاڵـی و سـفرەش باسـی ناکرێـت، بابیشـم لیوانێـک دۆی لەبـەر دەسـت بـوو، هەمـوو دۆکـەی کـرد بـە دەموچاومـا... ئـەو شـەوە زۆر سـارد بـوو کـە ماڵـم بەجێهێشـت. لـە قینـی باوکیشـم گۆرەویـم لەپـێ نەکـرد و پێڵاوەکەیشـم کـون بـوو... هـەر پـاش چەنـد خولـەک شـڵپە و فیقـەی ئـاو لەنـاو پێڵاو بـەرز بـووەوە و پێـم لەتـاو سـەرما سـڕ بـوو، ویسـتم بـڕۆم بـۆ مزگـەوت بـە بیانـووی شـەوی قـەدر، بـەڵام بیـرم کـردەوە دوو شـەو پێشـتر کـە ڕۆیشـتبووم، مەلاکـە گوتبـووی نابـێ دانیشـن خەوەنووچکـە بـدەن یـان قسـە بکـەن... تەنیـا دەبـێ نوێـژ بکـەن و عیبـادەت! ڕۆشـتم بـە بـەر مزگەوتـا بەوهیوایـەی بچـم تـۆزێ خـۆم گـەرم بکەمـەوە کـە سـەلیمم بینـی! خەریـک بـوو بەلایـدا تێپـەڕم کـە گوتـی:

**بۆ کوێ دەچی؟ کورە نەچی!**

سـەلیم ئـەو مـاوە بـە ڕەزامەندیـی مجێـوری مزگـەوت و مامۆسـتاکە لـە ژوورێکـی بچووکـی ژێـر مزگـەوت جێگـەی کرابـووەوە، ئـەو شـەوە بردمـی بـۆ لای خـۆی، جیـا لـە ریکـۆردەرە شـڕە سـەریحاڵ و کاسـێتە کۆنـە ڕەنگاوڕەنگەکانـی، ژوورەکـەی بـە قاڵییەکـی کۆنـەی نەخشـێنراو بـە چەنـد باڵندەیـەک و چـرا عەلادینێـک و هەنـدێ شـتی تـر کـە پێویسـتی خـواردن و گەرمکردنـەوە و خەوتنـی یـەک نەفـەر بـوون، شـتێک لـە مانـای ژیـان و غوربەتـی دەدا بەدەسـتەوە، وەکـوو بۆنێـک هەڵیمـژی هەسـتت پێدەکـرد. ئـەو شـەوە ئـەوق و مـات بـوو، ریکۆردەرەکـە "پەپوولـەی ئـازادی"ی خالقـی دەخوێنـد، سـەرنجی هەمـوو کەلوپەلـی ژوورەکـەی دەدا، کەسـێک بـاش لێـی وردبایـەوە دەیگـوت بـە دوای شـتێکدا دەگەڕێـت کـە دەمێکـە لێـی ون بـووە و سەوداسـەرێتی.

**پرسیم: بۆ چی دەگەڕێی دەروێش؟**

ئـەو هـەروا بـۆ ماوەیـەک بێدەنـگ و حەپەسـاو... ترسـم وەبـەر هاتبـوو، خەیاڵـی شـتی خـراپ بـە سـەرمدا هـات و چـوو، پـاش کەمێـک بێدەنگـی دەشـکێنێت و لێـم دەپرسـێت: **پەپوولـە خاسـە یـان خـراو؟**

ویسـتم بڵێـم پەپوولـەی چـۆن؟ وەک ئـەوەی لـە دونیایەکـی دیکـەدا بێـت و نەیزانیبـێ پرسـیاری لـە مـن کـردووە یـان کەسـی دیکـە. گوتی:**مـن پەپوولـەم؟**

ئانوسـات بیـری ئـەو پەپوولەیـە کەوتمـەوە کـە دایکـم بـە جارەهـا خەونـی دیتبـوو و نـاوی نابـوو پەپوولـەی حەزرەتـی ئیبراهیـم کـە بایەکـی ڕەش هەمیشـە دەیبـات و ئـەو دێتـەوە. پـاش ئـەو خـەوە بـە منـەوە دووگیـان بـووە و ناویشـمی نـاوە ئیبراهیـم. ترسـام و گوتـم: کام جـۆر لـە پەپوولـە؟

دەورێـش گوتـی: **ئـەوەی دایکـم مەبەسـتی بـوو هـەر جـارە بـە منـی دەگـوت!**

بـە دەنگـی لەرزۆکـەوە گوتـم: نوێـژە و بـە پەلەپـڕووزێ هاتمـە دەرێ، تـا سـێ ڕۆژ دواتریـش بـە ئاڕاسـتەی نێزیـک مزگەوتـدا نەموێـرا تێپـەڕم. شـەوێک لـەو شـەوانە خەونـم بینـی دایکـم بـووە بـە پەپوولـە و تـۆ دوای کەوتـووی تاکـوو بیگریـت و لـە هەورەتریشـقەیەکی پاییزیـدا ونبـووی، دەنگێکـی کـز و دوور لـە خەونمـدا دەیگـوت تـۆ بـووی بـە کارگـە دێوانـە، ئیتـر ڕاپەڕیـم."

دوای ئـەم ڕووداوە، شـار تەنیـا بـە سـەلیمەوە دەناسـرێت، لـە دەروازەی شـاردا تابلۆیەکـی گـەورە هەیـە کـە بـە خەتێکـی خـوار و خێـچ لەژێـر ڕسـتەی ڕێـک و گـەورە و فەرمـی" بـە شـهر شـهیدپرور... خـوش ئمدیـد" نووسـراوە شـاری شـەهید سـەلیم پەپوولـە!

دایـە گـەورەم دەیگێڕێتـەوە و دەڵێـت: پێـش کوشـتنی گوماناویـی سـەلیم، شـووەکەی نەسـرین بـە واسـیتەی یەکێـک لـە پیاوماقووڵانـی شـار سـکاڵا و گلەیـی بردووەتـە سـەر شـێخەکەی و ئەویـش گوتوویـە شـەیتان لـە کڵێشـە و قاڵبـی ئـەو پەپوولەیـەدا شـەهوەتی سـەلیمی جووڵانـدووە، ئەگینـا هەرکـەس لەژێـر دەسـتی مـن تۆبـەی کردبـێ مەحاڵـە دەسـت بـۆ پـاش و پێشـی ژنـی خەڵـک بـەرێ بـە حەرامـی، هەبـێ و نەبـێ گومڕاییەکـە لـەو پەپوولـە پاییزیـە بـووە! دایـە گـەورەم لـە زمانـی شـێخەکەی دەروێـش سـەلیمەوە وای دەگـوت!

ئەگەرچـی ئـەم وتەیـەی شـێخ بـۆ خەڵکـی تـەواو باوەڕپێکـراو بـوو، بـەڵام لـە دواجـاردا ئـەم ڕووداوە نـاوی شـاری پەپوولـە و مەرگـی ئەویـان بـە دوای خۆیـدا هێنـا! هەمـوو سـاڵێک لـە کۆتایـی هاوینـدا و لـە سـەرەتای پاییـزدا شـار پـڕ دەبـێ لـە پەپوولـەی قوژبنپەرسـت و گۆشەنشـین، هـەر کامەشـیان پووشـێکی کـورت یـا درێژیـان لـە جەسـتەی خـڕی خۆیانـدا هێنـاوە و کـەس نازانـێ بـۆ کام پیـرەژن یـان پۆپچەرمـگ یـان جادووگـەری ژێـر پێسـتی شـاری دەبـەن!

سـەلیم ئێسـتا لـە گۆڕێکـی لاتەریکـی کێلبچووکـدا لەوپـەڕی گۆڕسـتانی شـار کـپ کەوتـووە و ئـەو ڕاوکردنـەی پەپوولـە بـۆ ئـەو، دوا ڕاوکـردن و دەستسـوان لـە شـتێکی ئـاوارەی ئەفسـووناوی بـوو. ئێسـتا بـە خەڵـووزی ڕەش لـە کێڵـی گۆڕەکـەی نووسـراوە: دێوانـە پەپوولـە!

دایەگـەورەم دەیگـوت: دوای سـەلیم هەمـوو کـەس دەزانـێ کـە بـە کـێ دەڵێـن پەپوولـە!

باوکـم دەیگـوت: پەپوولـە دەبـێ بزانـێ لـە کـوێ دەنیشـێتەوە!

